# مسوڵمانان یەکدەستن بەرامبەر ئەوانی تر، وخوێن وماڵیان یەکسانە، وپەیمانی پاراستن درابێت لە لایەن کەمترینیان دەبێت بپارێزرێت لە لایەن هەموو مسوڵمانانەوە، ومسوڵمانان (دەستکەوتنی جەنگ) دەگەڕێننەوە بۆ دوورترین کەسیشیان

لە عەمرو کوڕی شوعەیب، لە باوکیەوە، لە باپیریەوە، کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «مسوڵمانان یەکدەستن بەرامبەر ئەوانی تر (دژی دوژمنان)، وخوێن وماڵیان یەکسانە (لە ڕوانگە حورمەت وپاراستنەوە)، وپەیمانی پاراستن درابێت لە لایەن کەمترینیان* دەبێت بپارێزرێت لە لایەن هەموو مسوڵمانانەوە، ومسوڵمانان (دەستکەوتنی جەنگ) دەگەڕێننەوە بۆ دوورترین کەسیشیان**». *(کەمترین: مەبەست یەک کەس، یان نزمترین کەسە لە ڕوانگەی پلەپایە ئەگەر بەندە -کۆیلەیەکیش- بێت)، **(دوورترین کەس: واتە دەستکەوتەکانی دەنگ دەردێت بە هەموو ئەوانەی بەشداری جەنگیان کردووە ئەگەرچیش پاشەوەی ڕیزەکانی جەنگ بێت ودوورترین کەس بێت لە ڕیزەکانی پێشەوە)

[حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پێویستە وشەی مسوڵمانان یەکگرتوو بێت، وهەڵوێستیان بەرامبەر دوژمنانیان یەک بێت، ناکۆک نەبن ویەکتری سەرشۆڕ نەکەن، بەڵکو هەموویان یەک دەست وکۆمەڵگان بەرامبەر دوژمنان، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَ۟عْتَصِمُوا۟ بِحَبْلِ ۟للَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا۟} [ال عمران: 103] واتە:{هەمووتان دەست بگرن بەهۆی پەیوەستیتان بە ئاینی خوداوە و لێک جیا مەبنەوە (ناکۆک مەبن)}، وهەروەها پەروەردگار دەفەرموێت: {وَلَا تَنَٰزَعُوا۟ فَتَفْشَلُوا۟ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ} [الأنفال: 46] واتە:{وە جیاواز (وناکۆک) مەبن و دووبەرەکی مەکەن چونکە بەهۆیەوە دەشکێن و لاواز دەبن و هێز وشکۆتان نامێنێت}، هەروەها خوێنی مسوڵمانان یەکسانە لە دیە* وتۆڵەسەندنەوەندا، وهیچ مسوڵمانێک لە مسوڵمانێکی تر باشتر نییە لە ڕوانگەی ڕەچەڵەک ونەتەوە وڕەنگەوە، ئەوان یەکسانن سەبارەت بە ئەم مافە واجبە وئەرکی سەرشانیان بەهەمان شێوە، وهەروەها ئەگەر مسوڵمانێک پەیمانی پاراستنی دا بە کافرێک؛ ئەوا دەبێت مسوڵمانان ئەم پەیمانە بپارێزن، وڕێز لە ئەم سپاردەیە بگرن، ونابێت سنووری ئەم پەیمان وگرێبەستە تێپەڕێنن. وهەروەها لە فەرموودەکەداهاتووە: ئەگەر سوپایەک یان مەفرەزەیەک لە سوپای مسوڵمانان دەستیان گرت بەسەر دەستکەوتنی جەنگدا (غەنیمەدا) ئەوا لەم حاڵەتەدا دەستکەوتی جەنگ بۆ هەموویان دەبێت؛ دوور ونزیکیان لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ، چونکە بە هێزی هەموویان ئەم دەستکەوتە بەدەست هێنراوە، وئەوەی دەکەوێتە نێو ماڵی گەنجینەی مسوڵمانان (بیت مال المسلمين) بۆ هەموو مسوڵمانانە لە سەرەوە بۆ خوارەوە، وئەگەرچیش هۆکاری بەدەستهێنانی ئەم گەنجینەیە ئەوانە بێت لە خوارەوەدان (واتا سەرباز وجەنگاوەر بوون). *(دیە: ئەو نرخەیە دەدرێت بەرامبەر ئازاردان یان کوشتنی خوێنی مسوڵمانێک

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee